www.kurdistannet.org
1-2-2007 16:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

تفه بە ناو چەوانی ئەو دڕندەیەی کە لە1-2-2004 جەژنی لێ کردین بە دۆزەخ

## تف ... سالار جەوهەر

Salar74. j@hotmail. com

زۆر ئەترسم
دوای سالآنێ ڕەبەق و رووت
تۆش بکەین بە (ئەسحابە) یە
بۆ نیاز و نزا خوازیی ڕێچکە بگرین
زۆر ئەترسم.......دوای سالآنێ
تۆش بکەین بە (شەخێێ) پیرۆز
بێین لەپەنای مەزاری کەسك والآتا
گوناهی خۆمان بشۆرین
زۆر ئەترسم....دوای سالآنێ
وەك ئەوەی چۆن نەهاتبی
خوێنمان بکەیتە جامەوە
وەك ئەوەی چۆن نەهاتبی
دەنگمان ڕاوکەی
وەك ئەوەی چۆن نەهاتبی
گوڵە گەنم بسووتێنی
وەك ئەوەی چۆن نەهاتبی
جەژن لەناو گریانێکا هەڵکورمێنی
بێین نەوەیەك
لەجۆگەی ناوتا بتاشین
گوندێ مێژووی تۆ هەڵگرێ و
بێین بتکەین بە خەلیفەیە
لەئەڵقەی زنجیرە شێتەی
خەلیفەکانی ڕاشیدین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.